www.kurdistannet.org

21-10-2006 7:59بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کۆبوونەوەی وەفدێکی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نورویژ لە گەڵ بەڕێز " بیۆرن یاکوبسن" ئەندام پارلەمانی نورویژی سەر بە پارتی سوسیال چەپ لەم وڵاتە!

رۆژی پێنجشەممۆ، ریکەوتی 19. 10. 2006 ی زایینی، وەفدێکی یەکێتی لاوانی دێموکرات لە وڵاتی نورویژ کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان، مەنسوور عەزیزی، بەرپرسی گشتی یەکێتی لاوانی دێموکرات لە وڵاتی نورویژ و موختار ئەلیاسی بەرپرسی بەشی ماڵی لە کۆمیتەی گشتی یەکێتی لاوان لەم وڵاتە و بەڕێز سەلاح فەهیمپوور، بەرپرسی دەستەی دێبلوماسی لاوان و ئەندامی کۆمیتە ناوچەی لاوان لە ئوسلۆ، لە گەڵ بەڕێز " بیۆرن یاکوبسن" ئەندام پارلەمانی نورویژی سەر بە پارتی سوسیال چەپی ئەم وڵاتە، لە دەفتەری کاری خۆی لە پارلەمانی نورویژ، کۆبوونەوە!

پاش بە خێرهاتنکردنی نوێنەرایەتی لاوان لە لایەن بەڕێز " بیۆرن یاکوبسن" ەوە، دەرگای باسەکان کرانەوە و ئەم خاڵانەی خوارەوە باسیان لەسەر کرا:

1. باسێکی خێرا لەمەڕ جوغرافیای کوردستان.

2 کوردستانی ئێران و پێشێلکردنی مافی سیاسی، فەرهەنگی و کولتووریی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەن رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

3. پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی دێموکراسی لە ئێران.

4. پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی ئوروپا لە گەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ساتوسەودای ئەوان لە گەڵ ئەو رژێمەدا.

5. ریشەداربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و باس لە سەر رۆڵ و کاریگەری ئەم حیزبە لە سەر بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا.

6. کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی نورویژ و ئۆرگانە جیاوازە فەرهەنگی، کولتووری و سیاسیە کوردییەکان لەم وڵاتە و رۆڵ و کاریگەری ئەوان لە سەر رەوەندی کورد هەر لە نورویژ.

7. یەکێتی لاوانی دێموکرات و هەوڵدانەکانی ئەم رێکخراوە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە ماسمێدیا نورویژییەکان.

8. هەوڵدانی زیاتر بۆ پەیداکردنی دۆستی زیاتر لە نێو پارتە جیاوازە نورویژییەکان و پارلەمەنتاران لەم وڵاتە و بردنی باسە گرنگەکانی تایبەت بە کورد بۆ ناو پارلەمانی نورویژ بە شێوەیەک کە باس و دێباتیان لە مەڕ بەڕێوە بچێت.

9. کورد لە باشووری کوردستان و بوونی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق و ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی عێراقییەکان دەبنەوە گەر هێزەکانی ئامریکا، عێراق بە جێبێڵن.

10. رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دۆزی کورد لە رابردوو و ئێستا و داهاتووی ئەو ناوچەیە.

شایانی باسە کە لە کۆتاییدا هەردوولا رێکەوتن لە سەر ئەوەی ئەو شێوە دیدارانە زیاتر هەبن لە نێوانیاندا و زیاتر پێکەوە هاوکارییان هەبێت و بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لە یەکدی نزیک ببنەوە!

یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نورویژ
19. 10. 2006 ی زایینی